# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2024-2023

| | | |
|---|---|---|
| College/ Institute | Khabat Technical Institute | |
| Department | Food Security& Public Health | |
| Module Name | Food Security Laws | |
| Module Code | FSL404 | |
| Degree | Technical Diploma [/] Bachelor [ ]<br>High Diploma [ ] Master [ ] PhD [ ] | |
| Semester | 4th | |
| Qualification | M.Sc. Law | |
| Scientific Title | Assistant Lecturer | |
| ECTS (Credits) | 6 | |
| Module type | Prerequisite [ ] Core [/] Assist. [ ] | |
| Weekly hours | | |
| Weekly hours (Theory) | ( 2 )hr Class | ( 10 )Total hrs Workload |
| Weekly hours (Practical) | ( )hr Class | ( )Total hrs Workload |
| Number of Weeks | 12 | |
| Lecturer (Theory) | Nahro Asaad Abdullah | |
| E-Mail & Mobile NO. | nahro.abdulla@epu.edu.iq 07504468748 | |
| Lecturer (Practical) | nahro Asaad Abdullah | |
| E-Mail & Mobile NO. | nahro.abdulla@epu.edu.iq 07504468748 | |
| Websites | https://epu.edu.iq/ | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | **باسێکی کۆرس**<br>ئەو زانستە هەموو بابەتەکانی ئاسایشی خۆراک دەگرێتەوە، کە خۆی لە مانای ئاسایشی خۆراک و تایبەتمەندیەکانی و ئەو ڕەگەزانەی کە لێی پێکهاتووە، ئەو سەرچاوانەی کە هێزی پابەندبوونی لێ وەردەگرێت. وە سەرچاوەکانی یاسا دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدان و لقەکانی ئاسایشی خۆراک و جۆرەکانی ئەو ڕێسایانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیرەو دەکرێت، وە چۆنیەتی زانیاری دەربارەی حوکمەکانی ئەو یاسایانە کە لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کەرتی ئاسایشی خۆراک کە خۆی لە بیردۆزی یاسا دەبینێتەوە.<br>کەواتە پەیوەندی توند و تۆڵ هەیە لە نێوان یاسا و کەرتی ئاسایشی خۆراک<br><br>دراسەکردنی زانستی ئاسایشی خۆراک دابەشدەکرێت بۆ دوو جۆر: یەکەمیان لێکۆڵینەوە لە یاساکەدا بۆ تێگەیشتنی بیردۆزەکانی یاساکە، دووەمیان توێژینەوە دەربارەی ئەو مافانەی لە پەیوەندیە یاساییەکانی نێوان کەسەکان و ڕێگاکانی پاراستنی خۆراک و پارێزگاریکردنیان بۆ باسکردنی بیردۆزە گشتیەکان. |
| **Course objectives** | **ئامانجی کۆرس**<br>ئامانج لەو کۆرسەی خوێندن گەشەپێدان و بەهێزکردنی توانای قوتابیانە بەشە کشتوکاڵیەکان بە گشتی و بەشی ئاسایشی خۆراک بە تایبەتی، وە ئامادەکردنیان بە شێوەیەکی باش، وە پێدانی زانیاری درووست لەو بارەوە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوە و زانستی و ڕۆشنبیری و کارکردنی پراکتیکی. هەروەها ئامانجمان لەو پلانە ئەوەیە کە زانیاری تەواو بدەینە قوتابی لەبارەی سەرچاوەکانی پەیوەست بە بابەتی زانستی یاسا، چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانە، وە هۆشیار کردنەوەی قوتابیان دەربارەی گرینگی یاسای ئاسایشی خۆراک وەک و زانستێکی جیاواز لە کارگێری بنەماو ڕێسای تەیبەت بە خۆی هەیە، هەروەها ناساندی گرینگی پێگەی زانستی یاسای کشتوکاڵیە کە بەشێکی دانەبڕاوە لە هەیکەلی ڕێکخستنی دەزگا و دامەزراوە نوێیەکان، وە پێدانی زانیاری بە قوتابیان کە زانستی ئاسایشی خۆراک سەربەخۆیە، وە فێرکردنیان لە بنەما جۆراو جۆرەکانی ئەو زانستە پڕ بایەخە بۆ شێوازێکی چالاک لە گفتوگۆکردن لەگەڵ جەماوەرو هۆشیارکردنەوەیان لەو بوارەدا.<br>گومان لەوەدانیە کە قوتابیانی کشتوکالی پێویستیەکی زۆریان هەیە بۆ فێربوونی ئەو زانستە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی وورد و دروست و بەپێی پەیرەوی دانرا و کە بنیادنرابی لەسەر بنەمایەکی باشی زانستی و ئەکادیمی، هەروەها بۆ ئەوەی بەڵگەو دەرەنجامەکانیان پتەو و قایلکەر بێت، وە قوتابی پشت ئەستوور بێت بە باوەڕ بەخۆبوون و ئەو بەرنامە و پرۆگرام و ڕێگەی کە گرتویەتیە بەر لە خوێندنی بابەتی زانستی ئاسایشی خۆراک، لە کۆتایی بە فێربوونی ئەو بابەتە قوتابیان دەبنە کەسی |

| | |
|---|---|
| | کارامە و شارەزای باش لە بواری زانستی یاسای پەیڕەو کراو لە کەرتی خۆراکی. |
| **Student's obligation** | **ئەرکی قوتابیان**<br>پێویستە قوتابیان پابەندی ئەو خاڵانەی خوارە بن:<br>١- پابەندبوون بە دەوام و ئامادەبوون لەکاتی وانەکاندا<br>٢ -دوای تێپەڕبوونی ١٠ خولەک لە هاتنی مامۆستای بابەت بۆ هۆڵی خوێندن ڕێگەنادرێت قوتابی دواکەوتوو بێتە ژورەوە، (غیاب) هەژمار دەکرێت.<br>٣ -پابەندبوون بە تاقیکردنەوەکانی کتوپڕوو لەناکاودا (کویز).<br>٤ -ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و سیمینار و پەیپەر و گفتوگۆی تایبەت بە بابەتەکە.<br>٥ -کارکردن بە شێوەی گرووپ لە ئەرکەکانیاندا.<br>٦ -پابەندبوون بە ئامادەبوون لە تاقیکردنەوەکانی وەرزیدا.<br>ڕیگە نادرێت تاقیکردنەوە ی **Midterm** دووبارە بکرێتەوە مەگەر بە بیانویەکی قایلکەری بزیشکی پشتڕاست کراوە لە لیژنەی نەخۆشخانە حکومیەکان |
| **Required Learning Materials** | **ئامرازەکانی فێرکردن**<br>لەماوەی ئەمساڵی خوێندندا قوتابیان فێردەکرێن بەهۆی بەکارهێنانی هۆیەکانی نوێی فێرکردن وەکو کۆمپیوتەری کەسی (لاپتۆپ) داتاشۆ و بە پیشاندانی بابەتە زانستیەکان لەڕێگەی سلایدە ئامادەکراوەکان لە ڕێگەی بەرنامەی پاوەر پۆینت و وۆرد و بەکارهێنانی بۆردی سپی هەڵواسراوی دیواری و نموونەی پەڕاوە جۆراوجۆرەکانی زانستی یاسا و  هۆکارەکانی تری زانستی وەکو هۆیەکانی پەیوەندی (بەرنامەی موودڵ، زووم، ڤایبەر، ماسنجەر،....). هەروەها هەڵبژاردنی ناونیشانە سەرەکیەکان و لاوەکیەکان و بڕگە سەرەکیەکان و بابەتە گرینگەکان و شەرحکردن و قسەکردن لەسەریان کە پێۆیستیان بە ڕوونکردنەوە هەبێت. ئەو هۆکارە سەرنجی قوتابی ڕادەکێشێت بۆ وەرگرتن و تێگەیشتنی زیاترئ بە بابەتەکەو سوود وەرگرتن لە تەواوی بابەتەکە، پێویستە لەسەر قوتابیان کە بەدواداچوونی تەواوی بابەتەکە بکەن و بیر و هۆشیان لەسەر بابەتەکە بێت لەکاتی شەڕحکردنی بابەتەکە. هەروەها پێویستە پابەند بن بە دەوامکردن. لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی قوتابی و تێگەیشتنی بابەتەکانی پەیوەست بە بەشداری کردنی قوتابی و ئاڕاستەکردنی پرسیار و گفتوگۆکردن لە ناو هۆڵی خوێندندا و چەسپاندنی بابەتە گرنگەکان لە ناخی بیری قوتابیان ئەمەش بە بەشداری کارای قوتابیان دێتەدی |

## Evaluation

| | Task | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|---|
| | Paper Review | | | |
| Assignments | Homework | 10 | 2 | 10% |
| | Class Activity | 2 | | 2% |
| | Report | 5 | 4 | 6% |
| | Seminar | 6 | 6 | 10% |
| | | | | |
| | Essay | | | |
| | Project | | | |
| | Quiz | 8 | 3,5,9 | 8% |
| | Midterm Exam | 24 | 6 | 24% |
| | Final Exam | 40 | 14 | 40% |
| | Total | 100 | | 100% |

## Specific learning outcome:

**دەرەنجامی فێربوونی قوتابیان لەم کۆڕسە**

**دوای کۆتایی هاتنی ئەم کۆڕسە لە فێربوونی بابەتی زانستی یاسایی ئاسایشی خۆراک دەرئەنجامی باشی بۆ قوتابیان دەبێت لە فێربوونی ئەو زانستە گرینگە بە هەموو شێوازەکانیەوە، هەروەها نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانەی کە قوتابی هەیەتی لەو بارەوە کە لە بواری کارگێڕیدا سوودی لێ وەردەگرێت، وە فێربوونی ئەو بابەتە پەیوەندی بەتینی هەیە بە پەیداکردنی هەلی کار لەدەروەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و زانکۆکان و ڕای گشتی وەک و کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان سودی لێ دەبینێت، کە ڕێ نیشاندەرە بۆ ئەوەی پشت بە خۆیان ببەستن تاکو هەلی کار بۆخۆیان پەیدابکەن وە لە میانەی کارکردنیان لە کارگێڕی و بوارە جیاوازەکانی تری پەیوەست بە کارگێڕی سەرکەوتو بن، هەروەها بۆ کەرتی گشتی سوودی زۆری هەیە لە هۆشیارکردنەوەی پێگەیاندنی کادیری چالاک لەو بوارە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە بوارەکانی زانستی یاسایی ئاسایشی خۆراکدا.**

## Course References:

سەرچاوەکان

1- موسوعة التشريعات العقابية فى القوانين العراقيه/ القاضي سردار عزيز خۆشناو, ط٣, ٢٠١٣، مكتبة تەبايى، أربيل .
2- النظام القانوني للأمن الغذائي العالمي بين النظرية و التطبيق/ نادية احمد عمران,الناشر, دار الثقافة والنشر والتوزيع, 2014
3- التهديدات البيئة و اشكالية بناء الامن الغذائي/ وهبية زبري، الناشر, دار الوفاء الدنيا للطباعة والنشر

| | |
|---|---|
| | 4- پێرستی یاسایی بۆ سالانی ١٩٩٢ تا ٢٠٢٠، مافپەروەر سمیر عمرعلی، چ١، ٢٠٢١، هەولێر<br>5- یاساو ڕێنماییەکانی کەرتی کشتوکال و ئاو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی تەلان زرار غفور، چ١،وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠٢٢، هەولێر.<br>6- المتحكمون بأقوات البشر مباحث فى الملكية الذهنية و التنوع الاحيائي والامن الغذائي/ جيوف تانزي, الناشر, المركز القومي للترجمة, 2013<br>7- یاسای پاراستنی بەکاربەری عیراقی ژمارە 1ی ساڵی 2010 |

| **Course topics (Theory)** | **Week** | **Learning Outcome** |
|---|---|---|
| ڕوونکردنەوەی کۆرس کاتالۆگ، واتای ئاسایشی خۆراک گرینگی و ناساندنی ئاسایشی خۆراک | 1 | |
| هاوردەکردن و هەناردەکردن | 2 | |
| ڕێنمایی گومرگی ژمارە ٦ سالی ٢٠١٦ | 3 | |
| یاسای کێبرکێ و قەدەغەکردنی قۆرەخکاریی لە هەرێمی کوردستان - عێراق | 4 | |
| یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵیەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق | 5 | |
| تاقیکردنەوەی Midterm | 6 | |
| تاوانەکانی نرخ و یاساکانی ڕێکخستنی | 7 | |
| یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارە 1ی ساڵی 2010 پێناسەی زاراوەکان و ئامانجەکان | 8 | |
| مافەکانی بەکاربەرو قەدەغەکراوەکان سزاکانی لەسەر پێشێل کردنی مافی بەکاربەر، هۆکاری دەرچونی یاساکە | 9 | |
| یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەر و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق | 10 | |
| گفتوگۆی راپۆرت و سیمینارەکان | 11 | |
| سزاکانی مادده هۆشبەرەکان | 12 | |

## Questions Example Design پرسيارو وەڵامی نمونەیی

پ1/ ئەم زاراوانەی خوارەوە پێناسە بکە؟

1. ئاسایشی خۆراك 2. هاوردە کردن

پ2/ ئەمانەی خوارەوە وەلام بدەوە

1- باسی چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەل کالاو کەلوپەلی نەشیاو بۆ بەکارهێنان یان بەسەرچوو بکە کە لە دەرەوەی وولات هاوردەکراون ولە خالە سنوریەکاندا

2- رێنماییەکانی بەرێوەبەرایەتی گشتی گومرك لە روی هاوردەکردن وهەناردەکردن، کەرتی کشت وکال و پەلەوەری و ئاژەلی رێکخستووە، بژمێرە

پ3/ هۆیەکانی دەرچواندنی ئەو یاسایانەی خوارەوە بنوسە

1- یاسای پاراستنی بەکاربەر

2- یاسای بەرەنگاربونەوەی مادە بێهۆشکەرەکان

پ4/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە دەستەواژەی گونجاو پر بکەرەوە

1- (٣) بنەمای سەرەکی ئاسایشی خۆراک هەن ئەوانیش ـــــــــ و ـــــــــ و ـــــــــ.

2- رێنمایی گشتی گومرکی هەرێمی کوردستان ژمارە ـــــــ سالی ـــــــ لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە

پ5/ ڕاستی و چەوتی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دیار بکە.

1- حکومەتی هەرێم رێگا نادات بە بردنە دەرەوەی بەشە خۆراکی هاولاتیان کە لە لایەن وەزارەتی بازرگانیەوە دابەش دەکرێت

2- لەکاتی هاوردەکردنی هەر کالاو کەلوپەلێك ئەگەر لە پشکنینی تاقیگاکان دەرکەوت کە زیان بەخشە ئەوا رێگای پێنادرێت بگەرێندرێتەوە شوێنی لێی هاتووە بەلکو دەستی بەسەردا دەگیرێت

## وەلامـــــــی نمـــــــوونەیـــــــی

## پ1/

1- ئاسایشی خۆراك بریتیە لە دابینکردنی پێداویستی کەسەکان لە خۆراك بەتایبەت خۆراکە سەرەکیەکان بە پشت بەستن بە بەرهەمی ناوخۆیی یا هاوردەکراو لە هەموو بارودۆخێکی ئاسایی یان نائاسایی بێ، نرخەکانی لە بازارە جیهانیەکان هەر چۆنێك بێت، ئەرکی دەسەلاتی حوکمرانە بابەتە خۆراکیەکان دابین بکات و بیگەیێنیتە دەست هاولاتی بەهەر شێوازێك بێت

2- هاوردەکردن یەکێکە لەو پرۆسانەی کە بەرێگایەوە ئەو شتوومەك وخزمەتگوزارییانەی کە وولات پێویستی پێیانە لە وولاتێکی بیگانە دەکردرێت و لە بازارە ناوخۆیەکان دەفرۆشرێتەوە تاکو پێویستیە سەرەکیەکانی پێ پر بکاتەوە.

## پ2/

1 سەبارەت بە کالاو کەلوپەلی نەشیاو بۆ بەکارهێنان یان بەسەرچوو بەم شێوەیەی خوارەوە مامەلەی لەگەلدا دەکرێت:

أ- لەکاتی هاوردەکردنی هەر کالاو کەلوپەلێك ئەگەر بیندرا یا لە پشکنینی تاقیگاکان دەرکەوت کە زیان بەخشە ئەوا بە پێی مادەی ( مادەی 68 برگەی 2) لە یاسای گومرگی ژمارە 23ی سالی 1984 ی هەموارکراو رێگای پێدەدەرێت لە ژێر چاودێری گومرگ بگەرێندرێتەوە شوێنی لێهاتوو لەو ماوەیەی کە ئیدارە بۆی دیاری دەکات، لەکاتی ئامادەنەبوون و دواکەوتنی لەو ماوەیەی کە بۆی دیاریکراوە کە بیگەرێندرێتەوە، دوابەدوای ئاگادارکردنەوەی خاوەن کالاکە بەنوسراو پێویستە کالاکان لە ناوببرێن ( تلف بکرێن) لەسەر خەرجی خاوەن کالاکە و ئەم کارەش بە کۆنووس رێك دەخرێت.

ب- لەکاتی هاوردەکردنی هەر کالاوکەلوپەلێك ئەگەر بە شێوەی نایاسایی هاتبێتە ناو هەرێم کە رێکەوتی بەکارهێنانی بەسەرچوبێت پێویستە دەستی بەسەردا بگیرێت و لەناو ببرێت (تلف بکرێت)، لەکاتی لەنابردنی کەلوپەلە بەسەرچوەکانیش بە ئامادەبوونی خاوەنەکەی ئەنجام دەدرێت و خەرجی لەنابردنەکەش دەکەوێتە ئەستۆی خاوەنەکەی.

ئەو کالایانەی بەشێوەی نایاسایی دەهێندرێنە ناو هەرێم و پشکنینی تاقیگاکانی بۆ نەکراوە، دەکرێتە کێشەی گومرگی و بەپێی یاسای گومرگی ژمارە(23)ی سالی 1984 یەکلایی دەکرێتەوە

-2

**١- هەموو بەروبومێکی کشتوکاڵی چێنراوی ناوخۆیی هەرێم و بەروبوومی خۆماڵی خورسك وەکو ( قارچك و و دۆمەلان و گیای خورسك بە هەموو جۆرەکانیەوە) لە کاتی هەناردەکردن تەنیا کرێی پشکنین و بەهای فۆرم و پوولی داراییان لێ وەردەگیرێت و پێویستی بە مولەتی هەناردەکردنی بازرگانی نیە.**

2- **بەرووبوومی کشتوکاڵ و پەلەوەری وئاژەڵی هەرێم لەکاتی هەناردەکردن پێویستی بە رەزامەندنی سەرۆکی ئیدارەی ناوچەکە هەیە کە بەروبوومەکەی لێ دەچێتە دەرەوە، بەهەماهەنگی لەگەل بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ناوچەکە یان لایەنی پەیوەندیدار.**

3- **مەرومالات و رەشە وولاخ و پەلەوەری زیندووی دەواجن لەکاتی هاوردەکردنی بۆ ناو هەرێم و هەناردەکردنی بۆ دەرەوەی هەرێم پێویستی بە رەزامەندی لایەنی پەیوەندار هەیە و پێویستە بۆ ئەم مەبەستە رەچاوی رێنماییەکانی ڤێتەرنەری بکرێت.**

4- **لەوەرزی بەرهەمهێنانی سەوزەو میوەی هەرێمی کوردستان رەچاوی بەرژەوەندی جوتیاران بکرێت و هەماهەنگی لەگەل رێنمایەکانی وەزارەتی کشتوکال و کار بە رۆژنامەی کشتوکالی بکرێت**

## پ3/

-1

هاوتەریب لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی کە لە ئابوری عێراقدا ڕوویانداوە و کردنەوەی بازاڕەکان بەڕووی بازرگانی نێودەوڵەتیدا و بەمەبەستی بنیاتنانی پیشەسازییەکی نیشتمانی و دوورکەوتنەوە لە زیانی پێگەیشتن و بە مەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پاراستنی بەرهەمە عێراقییەکان و بەرهەمهێنەرانی ناوخۆیی. ئەم یاسایە دەرچووە

2-

لە ڕوانگەی پەسەندکردنی کۆماری عێراق و پەیوەستبوونی بە زۆرێک لە پەیماننامە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان

مادده هۆشبەرەکان و مادده دەروونییەکان، و بۆ بەرەنگاربوونەوەی بڵاوبوونەوەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرە نایاساییەکان

و مادده دەروونییەکان لە عێراقدا، هەروەها بۆ سەرکوتکردنی ئەو باندە تاوانکارانەی کە بۆ چەواشەکردنی هەندێک بەکاردەهێنرێن

کۆمەڵێک کەس و هانیان بدەن بۆ خراپ بەکارهێنانی ئەو ماددانە، کە مەترسییەکی جددی لەسەر تەندروستی مرۆڤ دروست دەکەن

خۆشگوزەرانییان و زیان بە بنەما ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئەخلاقی کۆمەڵگا دەگەیەنن،

بۆ مەبەستی وەرگرتنی بنەمای زانستی لە چارەسەرکردنی ئالوودەبووانی ماددە هۆشبەرەکان و مادده دەروونییەکان.

**پ4/ بۆشایی:**

1- **هەبوونی کەرەستەکان وخواردنەکان بەشیوەیەکی باش،       بەردەوام ئەم کەرەستانە لەبازارەکاندا هەبن ولەبەردەستی بەکارهینەرانی،       گونجاوی نرخەکان بۆ ئەوەی بتوانی بیانکری**

2 - **ژمارە** 6 ، **سالی** 2016

پ5/ ڕاست و چەوت

1- ڕاستە

2- هەڵەیە

**Extra notes:**

**External Evaluator**